


# سەدەیەک چاوەڕوانی

سەدەیەکە لە دەربەنی
ئەم ئێوارە تفتانەوە
گوێ قوڵاغی دەنگی نیشتیمان و
گوێ قوڵاغی ئەوینێکم لە شارەزوور
بێ و
هەڵم گرێ و
لە قەتاری گەڕاننەوەی شەودا
بمدا بە دەشتی پڕ لە بەفر و
بمدا بە درەختی پڕ هەڵاڵە و
بمدا بە ئاوێنەی شارا و
بمدا بە ڕووی ئەو گاسنانەی
لێویان لە کێلانە و
دەستیان لە ئاگری زەویدایە !
ئەو زەویانەی
لە ئاگردا ،
تووتنی شۆڕشیان باڵا و
لە خەردەلا ،
تووتنی مێژوویان قاروون !
سەدەیەکە چاوەڕوانم
شەماڵێ لە نیشتیمان بێت و بمگاتێ ،
هەڵم گرێ و
لە قەتاری گەڕاننەوەی شەودا
بمدا بە ساجی عەرشەکەی
لای بابان و
بمدا بە دیواری حوجرەکەی نالی ومەحوی دا و

لە سەراوە ،
هەتا ژووان
وەک دێوانە شەمیان لێ دزیبێ
سەرسم بەم و ناڵەم لێبێ
سەرسم بەم و بەم گڕکانی دڵەمەوە
حەشامێ هەڵپڕوزێنێم !
سەرسم بەم وخۆشەویستیم
نوور بە خاک و
نوور بە عیشق و
نوور بە ئیمان
بەخشم !
نوور بە ئیمان بەخشم !